# "نووسراوەی خواوەند"

خۆرخێ لوویس بۆرخێس

و: کامیل نەجاڕی

زیندانەکە قووڵە. بەردینە. لە شێوەی نیوە گۆیەکی تەواوە. تەختی زیندانەکە، تۆزێك بەر لە گەیشتن بە گەورەترین بازنە، نیوە گۆیەکە دەبڕێ. شتێك کە بە شێوەیەك هەستی زەخت و شوێن چەند قات دەکات. دیوارێك لە ناوەڕاستەوە دەیکاتە دوو بەش. دیوارەکە زۆر بەرزە بەڵام ناگاتە بەرزترین شوێنی گومبەزەکە. لە لایەکەوە من بەند کراوم. تسیناکان، جادووبازی هەرەمی کائۆلۆم کە "پدرۆ د ئالوارادۆ" ئاگری تێپەردا. لە لایەکەی تر جگوئاری (پڵنگی خاڵ خاڵیی ئەمریکای باشوور) کە بە هەنگاوی رێك و پێکی نادیار، کات و شوێنی بەندیخانەکەی دەپێوێ. هاوئاستی زەوی، لە دیوارە ناوەندییەکەدا، پەنجەرەیەکی پانی نەردەدار تێگیراوە. لە کاتی بێ سێبەر (نیوەڕۆ) دا کولاوکەیەك دکرێتەوە و زیندانەوانێك ـ کە بە تێپەڕینی ساڵەکان بەرە بەرە داچەمیوە ـ غەرغەرەیەکی ئاسنی وەگەڕ دەخا و لە کۆتایی سیمێکی ئاسنی دا گۆزەی ئاو و لەتکە گۆشتەکانمان بۆ دەنێرێتە خوارەوە. ئەو کاتە رووناکی دێتە ناو ژووری بەردینەکەمەوە و ئەوە ئەو کاتەیە کە من دەتوانم جگوئار ببینم.

ئیتر ژمارەی ئەو ساڵانەی لە تاریکی دا بەسەرم بردوون لە دەستم دەرچوون. من پێشتر لاو بووم و دەمتوانی لە ناو ئەو زیندانە دا پیاسە بکەم. ئیتر هیچ کارێکم لە دەست نایە جگە لەوەی لە حاڵەتی مەرگ دا، چاوەڕوانی کۆتاییەك بم کە خواوەندەکان بۆیان موقەددەر کردووم. بە چەقۆیەك لە بەردەچەخماخ کە تا دەسکەکەی رۆدەچوو، سینگی قوربانییەکانم هەڵدڕیوە. ئێستاکە بە بێ یارمەتیی سیحر و جادوو ناتوانم لە ناو ئەو تۆز و خۆڵە دا هەستمە سەر پێ.

شەوی سووتانی هەرەم، چەند پیاوێك کە لە ئەسپی درێژ دابەزیبوون بە ئاسنی سوور کراوە ئەشکەنجەیان دام بۆ ئەوەی شوێنی شاردنەوەی گەنجینەیەکیان بۆ ئاشکرا بکەم. لە پێش چاوەکانم پەیکەرەی خوایان سەرەونخوون کرد بەڵام ئەو هیچکات جێم ناهێڵێ و من لە ژێر ئەشکەنجەکانیش دا لێوم نەبزووت. لەتوکوتیان کردم، ئێسکەکانمیان شکاند و روخسارمیان شێواند. پاشان لەو زیندانە دا وەئاگا هاتمەوە کە ئیتر تا کۆتایی ژیانی فانیی خۆم، بەجێی ناهێڵم.

لەبەر ئەوەی پێویست بوو کارێك بکەم و کاتی خۆمی پێ پڕ بکەمەوە، ویستم لەم تاریکییە دا هەموو ئەو شتانەی کە دەمزانین وەبیر خۆمیان بێنمەوە. شەوگەلێکی بێ ژومار خەریکی وەبیر هێنانەوەی تەکووزی و ژمارەی مارە بەردینەکان و شێوەی دارێکی دەرمانی بووم. بەو شێوەیە ساڵەکانم بەسەربرد و دەستم بە هەموو ئەو شتانە راگەیشت کە هی من بون. شەوێك هەستم کرد لە بیرەوەرییەکی بایەخدار نزیك دەبمەوە: موسافیر بەر لە دیتنی دەریا لە ناو دەمارەکانیدا هەست بە گەرمایەك دەکات. چەند سەعاتێك پاشتر خەریکی

وێنا کردنی ئەو بیرەوەرییە بووم. ئەوە یەکێك لەو سوننەتانە بوو کە پەیوەندیی بە خواوە هەیە. ئەو کە هەر لە سەرەتاوە دەیزانی لە ڕۆژی ئاخرزەمان دا بەدبەختی و وێرانییەکی زۆر وەدی دێ، لە یەکەمین ڕۆژی ئافراندن دا رستەیەکی سیحراویی نووسی کە دەتوانێ هەموو ئەو خراپیانە پووچەڵ بکاتەوە. ئەو رستەیەی بە شێوەیەك نووسی کە بگاتە دوورترین نەوەکان و ڕێکەوت و ڕووداوەکان نەتوانن بیگۆڕن و بە لاڕێی دا بەرن. کەس نازانێ کە ئەوی لە کوێ و بە چ پیتێك نووسیوە. بەڵام گومانمان نییە لە شوێنێکی شاراوە بۆ هەمیشە ماوەتەوە و ڕۆژێك دەبێ کەسێکی هەڵبژێردراو بیخوێنێتەوە. هەر بۆیەش بیرم کردەوە کە ئێمە، وەك هەمیشە، لە ئاخرزەمان داین و ئەو مەرجە کە من دوایین راهیبی خوا بووم، رەنگە ئیمتیازی ئەوەم پێ بدا ئەو ڕەمزە بدۆزمەوە. ئەوەی کە دیوارەکانی بەندیخانە هەموو لایەکیان لێ گرتووم ئەو هیوایەی لە من نەدەستاندەوە. رەنگە هەزار جار لە کائۆلۆم نووسراوەکەم دیتبوو و هەر تەنیا ئەوە ماوە کە تێی بگەم.

ئەو بیرە دڵ پتەوی کردم و پاشان خستمیە ناو سەرەگێژەوە. لە تەواوی پانتایی گۆی زەوی دا، شێوەگەلێکی کۆن هەیە، شێوەگەلێك کە گەندەڵی هەڵناگرن و هەمیشەیین. هەر کام لەوانە دەیتوانی ئەو هێمایە بێ وا من بە شوێنیەوە بووم. شاخێك دەیتوانی کەلامی خوا بێ. یا چەمێك یا خود ئیمپراتۆرییەت یا شێوەی ئەستێرەکان. بەڵام بە درێژایی سەدەکان، شاخەکان دادەشۆرێن و روخساری ئەستێرەکان گۆڕانی بەسەردادێ. تەنانەت لە ئاسمانیش دا گۆڕان ڕوو دەدات. شاخەکان و ئەستێرەکان تاق تاق و لە یەك جودان و هەر شتێك تاق تاق بێ تێپەڕە. بە شوێن شتێك دا گەڕام کە بمێنێتەوە و زیان هەڵنەگرێ. بیرم لە رەچەڵەکی دانەوێڵە، گژ و گیا، مەل و باڵندە و مرۆڤەکان کردەوە. رەنگە فەرمانەکە لە سەر روخساری خۆم نووسرابۆوە و خودی من ئامانجی ئەو پشکنین و گەڕانە بووم. لەو کاتە دا وەبیرم هاتەوە کە جگۆئار یەکێك لە نیشانەکانی خوایە. هەر بۆیەش ترس لە خوا هەموو دڵمی داگرت. یەکەم بەرەبەیانی جیهانم هێنایە بەر چاو. خوای خۆم هێنایە بەر چاو کە پەیامی خۆی بە پێستی زیندووی جگۆئار دەسپارد کە لە ئەشکەوتەکان و کێلگەکان و لە دورگەکان تا هەتایە جووت دەبن و بێچوویان دەبێ تاکوو دوایین مرۆڤەکان پەیامەکە وەردەگرن. ئەو تۆڕی پڵنگانە، ئەو هەزارتوێی بە پیتی پڵنگەکانم دەهێنایە بەرچاو کە ترسیان دەخستە ناو لەوەڕگە و مێگەلەکان، بۆ ئەوەی تابلۆیەکی شێوەکاری بپارێزن. لە پەنای خۆم سەلمێنەری گریمانەکەم و نیعمەتێکی شاراوەم دیت. گەلێك ساڵم بۆ فێر بوونی تەکووزی و ریزبەندیی پەڵەکان تێپەڕاند. هەر ڕۆژێکی کوێری، ئیمکانی چرکەساتێکی رووناکیان بە من دەدا و من دەمتوانی لە بیری خۆم دا ئەو شکڵە رەشانە تۆمار بکەم کە لە سەر پەشمە زەردەکان نەخشابوون و هێندێك لەوان لە شێوەی خاڵ بوون و هێندێکی تر هێڵی پانابیان لە هەردوو لای ژوورەوەی قاچەکان پێك دێنا. هێندێکی تریش بە شێوەی بازنە دووپات دەبوونەوە. رەنگە دەنگێکی تاقانە یا وشەیەکی تاقانە بوون. ژمارەیەکی زۆر لەوان لێواری سووریان هەبوو.

باسی ماندووبوون و ئازارەکانم ناکەم. چەند جارێك ڕوو لە دیوارەکان هاوارم کرد کە دۆزینەوەی رەمزی وەها دەقێك مومکین نییە. بەرەبەرە مەتەڵێکی بەرهەست کە مێشکمی بە خۆیەوە خەریك کردبوو، کەمتر لە مەتەڵی سەرەکی کە رستەیەکی دەستنووسی خوایی بوو، ئازاری دەدام. لە خۆمم دەپرسی ئەقڵی موتڵەق چۆن دەبێ رستەیەك دەربڕێ. بە بیرم دا هات لە زمانە مرۆڤییەکانیش دا رستەیەك نییە کە پێویستیی بە هەموو جیهان نەبێ. دەربڕینی "پڵنگ" واتا دەربڕینی ئەو پڵنگانەی کە ئەو پڵنگەیان دروست کردووە، ئەو ئاسك و کیسەڵانەی کە هەڵدڕاون و خوراون، گژ و گیایەك کە ئاسکەکان دەیخۆن، زەوی کە دایکی گژ و

گیایە و ئاسمان کە ژیانی بە زەوی بەخشیوە. دیسانیش بیرم لێ کردەوە کە لە زمانی خوا دا هەر کەلامێك، ئەو بەردەوامی و بەشوێن یەکا هاتنی بێ کۆتاییی کردارەکان دەردەبڕێ. نەك بە شێوەیەکی شاراوە بەڵکوو بە ئاشکرایی و نەك بە شێوەیەکی بەرەبەرە بەڵکوو بە خێرایی. بە تێپەڕینی کات تەنانەت واتای رستەیەکی خواییش بەلامەوە مناڵانە و کفراوی بوو. بە رای من خوا دەبێ تەنیا وشەیەك بڵێ و ئەو وشەیە هەموو شتێك لەخۆ بگرێ. هیچ کەلامێك کە ئەو دەریببڕێ ناتوانێ نزمتر لە جیهان یا ناتەواوتر لە کۆی زەمان بێ.

وشەگەلی سووك و چرووکی دەسەڵاتخوازانەی مرۆڤەکان، وەك، هەموو، دنیا، جیهان، سێبەر و تاپۆی ئەو وشەیەن کە لەگەڵ زمانێك و هەموو ئەو شتانەی کە زمانێك دەتوانێ لەخۆیان بگرێ بەرامبەرە .

رۆژێك یا شەوێك ـ لە نێوان رۆژ و شەوەکانم دا چ جیاوازییەك هەیە؟ـ خەونم دیت لە سەر عەرزی زیندانەکەم دەنکە زیخێك کەوتووە. گرینگیم پێ نەدا و دیسان خەوتمەوە و خەونم دیت لەخەو هەستاوم و دوو دەنکە زیخی لێیە. دیسان خەوتم و خەونم دیت سێ دەنکە زیخ کەوتووە. دەنکە زیخەکان زۆر بوون تا زیندانەکەیان پڕ کرد و من لە ژێر ئەو نیوەگۆیە پڕ لە زیخە دا دەمردم. تێگەیشتم خەریکە خەون دەبینم و بە هەوڵێکی زۆر لە خەو هەستام. هەستانم بێ سوود بوو. زیخ دەیخنکاندم. کەسێك بە منی کوت: "تۆ لە بەخەبەری دا هەڵنەستاوی بەڵکوو لە خەوی پێشووت دا هەستاوی. ئەو خەوە لە ناو خەوێکی تر دایە و هەروا تا بێ کۆتایی کە ژمارەی دەنکە زیخەکانە. رێگایەك کە تۆ دەبێ پێیدا بگەڕێیەوە بێ کۆتاییە. بەر لەوەی بەڕاستی لەخەو هەستی، دەمری".

هەستم کرد لە کیس چووم. زیخ زارمی ورد دەکرد بەڵام هاوارم کرد: "زیخێك کە لە خەو دا دیترابێ ناتوانێ بمکووژێ و خەونێك نییە کە لە ناو خەونێکی تر دا بێ." رووناکییەك لە خەوی هەستاندم. لە تاریکایی سەرەوە دا بازنەیەکی رووناك دروست ببوو. دەست و روخساری زیندانەوان، غەرغەرە، پەتك، گۆشت و گۆزەڵەکانم دیت. مرۆڤ بەرەبەرە لەگەڵ شێوەی چارەنووسی خۆی دەبێتە هاوشێوە. مرۆڤ بە تێپەڕینی کات دەبێتە هەلومەرجی خۆی. من زیاتر لەوەی کە دۆزەری رەمز یا خود تۆڵەئەستێنێك بم، زیاتر لەوەی کە کاهینی خوا بم، خۆم زیندانی بووم. لە لابیرێنت(هەزار توێ)ی بێ کۆتایی خولیاکانەوە، گەڕامەوە ئەو زیندانە سەختەی وەك ماڵی خۆم وابوو. دوعام بۆ شێیەکەی کرد. دوعام بۆ پڵنگەکەی کرد. دوعام بۆ پەنجەرە ژێرزەمینییەکەی کرد، دوعام بۆ لەشە پیرە زامارەکەم کرد، دوعام بۆ تاریکیی بەردەکە کرد. پاشان شتێك روویدا کە نە دەتوانم لە بیرمی بەرمەوە و نە دەشتوانم باسی بکەم. لەگەڵ رۆحی خواوەندی و جیهان بووم بە یەك. (نازانم ئەم دوو وشەیە جیاوازییان هەیە یا نا: جەزم بوون هێماکانی دووبارە ناکاتەوە.) کەسێك خوای لە دەنگدانەوەیەکدا دیتووە. کەسێکی تر لە شەمشێرێك یا لە ناو بازنەگەلی گوڵی سوور دا. من هەڵخولە(چرخ)ی زۆر بەرزم دیت کە نە لەبەر چاوم بوو نە لە پشتە سەرم و نە لە ئەملا و ئەولام. لە یەك کات دا لە هەموو شوێنێك بوو. ئەو هەڵخولەیە لە ئاو دروست کرابوو و هەروەها لە ئاگر و ئەگەرچی لێوارەکەیم دەدیت بەڵام بێ کۆتایی بوو. هەموو ئەو شتانەی لە داهاتوو دا دەبن، ئێستا هەن و پێشتر هەبوون، تێك ئاڵابوون و دروستیان کردبوو. من رایەڵێك بووم لەو تان و پۆ گشتییە و پێدرۆ دئالوارادۆ ـ کە منی ئەشکەنجە دا ـ رایەڵێکی تر بوو. هۆکار و بەرکارەکان لەو شوێنە بوون و هەر ئەوەندە بەس بوو کە سەیری ئەو هەڵخولەیە بکەم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بێ کۆتایی لە هەموو شتێك تێبگەم. ئەی شادیی تێگەیشتن، مەزنتر لە شادیی وێناکردن یا هەست پێکردن !

من جیهانم دیت و گەڵاڵە سڕییەکانی جیهانم دیت. سەرچاوەگەلێکم دیت کە "کتێبی ئامۆژگاری"* باسیان لێ دەکات. چیاگەلێکم دیت کە لە ئاوەکان دروست دەبن. یەکەم مرۆڤەکانم دیت کە لە جەوهەری درەختەکان بوون. گەلێك گۆزەڵەی ئاوم دیت کە مرۆڤەکان هێرشیان دەکردنە سەر. سەگەکانم دیت کە روخساری ئەوانیان هەڵدەدڕی. خوای بێ ئەدگارم دیت کە لە لە پشت خواکانەوەیە. رێپێوانی بێ کۆتاییم دیت کە تەنیا بەختەوەریی ئەزەلییان دروست دەکرد و لە هەموو شتێك تێگەیشتم، توانیم لە نووسراوەی پڵنگیش تێبگەم.

فۆرمولێك بوو پێکهاتوو لە چاردە وشەی بە رێکەوت (بە ڕواڵەت بە رێکەوت دەهاتە بەر چاو) هەر ئەوەندە بەس بوو کە بە دەنگی بەرز ئەو چاردە وشەیە بڵێم بۆ ئەوەی ببمە دەسەڵاتدارێکی موتڵەق. هەر ئەوەندەم بەس بوو کە بیانهێنمە زمان بۆ ئەوەی ئەو زیندانە بەردینە لەناو بەرم، بۆ ئەوەی رۆژ بێتە ناو شەومەوە، بۆ ئەوەی لاو ببمەوە، هەمیشەیی ببم، بۆ ئەوەی پڵنگ ئالوارادۆ هەڵدڕێ، بۆ ئەوەی چەقۆی پیرۆز سینگی ئیسپانیاییەکان هەڵدڕێ، بۆ دروست کردنی پەرستگە، بۆ پێك هێنانی ئیمپراتۆرییەت، چل پیت، چاردە وشە و من، تسیناکان، بەسەر ئەو وڵاتانە دا حوکمڕانی دەکەم کە ماکتزۆما ئەمری بەسەر دا کردبوون. بەڵام دەزانم هیچ کات ئەو چاردە وشەیە ناهێنمە زمان چونکە ئیتر تسیناکانم وەبیر نایەتەوە.

باشتر وایە ئەو رازەی لە سەر پێستی پڵنگەکان نووسراوە لەگەڵ منا بمرێ. کەسێك کە بە روانینێك هەموو جیهانی دیتووە، کەسێك کە گەڵاڵە پڕ لە شەوقەکانی جیهانی بە روانینێك دیتووە، ئیتر ناتوانێ بیر لە مرۆڤێك و بەختەوەرییە سووك و چرووك و خۆشبەختییە بێ بایەخەکانی بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو مرۆڤە خودی خۆی بووبێت. بەڵام ئێستا ئیتر چ گرینگییەکی بۆی هەیە؟ چارەنووسی کەسێکی تر چ گرینگییەکی بۆ هەیە؟ نیشتمانی کەسێکی تر چ گرینگییەکی بۆی هەیە ئەگەر ئەو ئێستاکە هیچ کەسێك نەبێ؟ هەر بەو هۆیەش وشەکان ناهێنمە زمان، هەر بۆیەش لێدەگەڕێم رۆژەکان من لە بیر بەرنەوە کە لە ناو تاریکی دا راکشاوم.

سەرچاوە: کتێبخانەی بابل و ٢٣ چیرۆکی تر